پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

## Parti socialdemokrati Kurdistan (PSDK)

### یادی ٥٩ گوڵی هەڵوەریوی کوردستان لە مەهاباد

لە بیستوپێنجەمین ساڵیادی تیرەبارانکردنی بە کۆمەڵی ٥٩ لاوی کوردستان لە مەهاباد، و سەرجەم قوربانیان و گیانبەختکردووانی دیکەی کوردستان، سەری ڕێز و پێزانین بۆ خانەوادەی قوربانیانی کوردستان دادەنەوێنین!

12 جۆزەردانی 1362 کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەڕەتی کۆنەپەرستیی خۆیدا درێژەی بە کوشتار و قەڵاچۆی خەڵکی کوردستان دەدا و لە کردەوەیەکی وەحشیانەدا ٥٩ لاوی کوردی خەڵکی شاری مەهابادی تیرەباران کرد.
بەر لەوەی ئەو مرۆڤە کوردە بێتاوانانە تیرەباران بکرێن لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکان نیشان دەدرا کە گوایا ئەوانە ددانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە. ئەو لاوانە لە ژێر خراپترین شێوەی ئەشکەنجەدا بە زۆرەملێ ئیمزایان پێ کرابوو.
کوشتن و لە سێدارەدانی کورد، ئەوسا هەر وەك ئێستا، بە بێ دادگایی و بە بێ پارێزەر و بێ چاوەدێر ئەنجام دەدرا. هەمان جۆر لە دەستدرێژیی کە هەر ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەکرێتە سەر گەلی کوردستان.
داگیرکار بێ بەزەیی و دڵڕەقە، داگیرکارانی کوردستان فاشیست، فاشیسترەفتار و دیکتاتۆر و کۆنەپەرستیشن. داگیرکارانی کوردستان ڕەگەزپەرست و مەزهەبپەرستن و تەنها بە کوردی مردوو ڕازیین.
ئەوەی بەسەر ٥٩ لاوی کوردستاندا هات پەیامی داگیرکارانە بۆ کورد، کە چارەنووسی دایکوباوك و خوشکوبرای قوربانیانی کورد ئەوە بێت کە بە هیوای ئەوەی تاقە سەعاتێك بچنە سەر مەزاری خۆشەویستانیان، دەقیقەژمێریی ژیانی خۆیان بکەن.
وەڵامی پرسیاری بۆ ئەوەتان کرد، تاوانی ئەوانە چی بوو، تا کەنگێ وا دەکەن و بۆ وا دەکەن، نە لەلای حەمید ڕەزا جەلاییپور، فەرمانداری ئەو کاتەی شاری مهابادە و، نە لە لای حاکمێکە کە کاری ئەسڵی پێشنوێژییە.
وەڵامی ئەو پرسیارە لە خەباتی کوردستانیبووونماندا دەست دەکەوێت، کە هەموو بە یەك دەنگ هاوار بکەین: ئەی داگیرکار بۆ دەرەوە!
دەبێت بەو پەیامە وەڵام بە داگیرکاران و جەلادانی گەل و خاکمان بدەینەوە.

پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
٢٠٠٨/٥/٣٠